www.xebat.net
سێ شەممە 2018/3/13 ژمارە (5470)

ئەمشەو بەرشلۆنە نابێت بە ئەنجامی یاری چوون بەرامبەر چێڵسی هەڵخەڵەتێت

ئەمشەو یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەیاری گەڕانەوەی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەسەر یاریگای (کامپ نو)میوانداری یانەی چێلسی ئینگلیزی دەکات. دوای ئەوەی لەیاری چوون لەسەر یاریگای ستامفۆرد بریدیج لە لەندەن بەگۆڵێک یەکسان بوون. لەیارییەکەی ئەمشەودا یانەی بەرشلۆنە بەچەکی گۆڵێک لەدەرەوەی یاریگای خۆی یاری دەکات، کە ئەنجامی یەکسان بوونی بێ گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی بەرشلۆنەیەو دەگاتە کاروانی قۆناغی داهاتوو لەگەڵ یانەکانی مان سیتی و لیڤەرپوولی ئینگلیزی، یۆڤنتۆسی ئیتاڵی و ریال مەدریدی ئیسپانی. پێویستە یانەی بەرشلۆنە بە ئەنجامی یاری چوون هەڵنەخەڵەتێت، چونکە ئەو یانەیەی دوو ئەنجامی لەبەردەم بووە، زیاتر دەستکەوتی لەدەستداوە لەو یانەیەی یەک لایەنی هەبووە. چونکە یانەی بەرامبەر تەنها یەک ئەنجامی لەبەردەم دایەو بەو ئامانجە یاری دەکات، بەڵام یاری دووەم نازانێت بۆ کامە ئەنجام یاری بکات. بەرشلۆنە پێویستە بۆیەک ئامانج یاری بکات، ئەویش سەرکەوتنە، چونکە ئەنجامی بێگۆڵ هەرچەندە دەیگەیەنێتە قۆناغی داهاتوو، بەڵام پێویستە بۆ پارێزگاریکردنی ئەم ئەنجامە گۆڵ تۆمار بکات. ڕاهێنەر ئارنستۆ ڤالڤێردی لەسەریەتی لەپێناو 2 گۆڵی بێ وەڵام یاری بکات، بۆ پارێزگاریکردنی خاوێنی تۆڕەکەی، بارسا نابێت لەهێڵی دواوە بێ باک بێت، چونکە یانەی لەندەنی توانای گەورەیان هەیە لەهێرشی پێچەوانەو خێرا، کە لەم هەفتەی رابردوو چەندین جار بەمشێوە بینیومانە. بەرشلۆنە نابێت بۆشایی لەپێناو کۆنترۆڵکردنی تۆپ دروست بکات، چونکە هەر هەڵەیەک باجەکەی بۆ بەرشلۆنە قورس دەبێت.

نەبەز روستایی

ئەمشەو پێشبڕکێی نازناوی ئەسپی ڕەش لە شاختارو ڕۆما کێ دەیباتەوە؟

ئەمشەو یانەی رۆمای ئیتاڵی لەسەر یاریگای ئۆلۆمپیسکۆ دی رۆما میوانداری یانەی شاختاری ئۆکرانی دەکات، کە نزیکەی 69 هەزار هاندەر ئامادەی یارییەکە دەبێت. یاری چوونی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کەلەوڵاتی ئۆکرانیا بەڕێوەچوو بە 2-1 گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی شاختار بوو. کە یاری گەڕانەوە بەهایەکی زۆری بۆ هەردوو ڕاهێنەر دی فرانشیسکۆ و ڤۆنسیکا هەیە، ئەگەر بتوانن یەکێک ئەنجامەکە لەبەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە. ڕاهێنەر ئیزیبیۆ دی فرانشیسکۆ، یەکەمین تاقیکردنەوەی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا وەکو ڕاهێنەر لەگەڵ رۆما ئەنجام دەدات، کە تاکو ئێستا توانیویەتی دیمەنێکی جوان نیشان بدات، بەهۆی ئەو ئەنجامە باشانەی لەقۆناغی گرووپەکان نیشانداوەو توانیوی چێلسی و ئەتلەتیکۆ مەدرید نیگەران بکات. ڕاهێنەر دی فرانشیسکۆ هیواخوازە بتوانێت بگاتە قۆناغی داهاتووی گرنگترین خولی ئەوروپا. بەڵام ڕاهێنەری پورتوگالی لەگەڵ یانەی شاختاری ئۆکرانی، پاولۆ ڤۆنیسکا، بۆتە جێگای سەرنج لەم وەرزە، نەوەکو تەنها بەهۆی سەرکەوتنی بەسەر یانەی ناپۆلی و سەرکەوتن بەسەر یانەی مان سیتی لەقۆناغی گرووپەکان، بەڵکو بەهۆی ئەو ئاستە هاوسەنگەی لەم وەرزە نیشانداوە. ڤۆنیسکا یەکەمین ئەزموونی لەگەڵ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ یانەی بۆرتۆ بوو لەوەرزی 2013-2014، بەزوویی ماڵئاوایی کرد لە قۆناغی گرووپەکان کە تەنها 5 خاڵی لە 6یاری بەدەستهێنا. بەڵام لەم وەرزە زۆر جیاواز بوو، کە 12 خاڵی لە 6یاری بەدەستهێناوە لەگەڵ یانەی ئۆکرانی و زۆر بە ئارامی لەگەڵ یانەی مان سیتی بەجیاوازی 3 خاڵ گەیشتە ئەم قۆناغە. ئەگەر ڤۆنیسکا بتوانێت سەرکەوتنێکی مێژوویی لەسەر یاریگای ئۆلۆمپی لەپایتەختی ئیتاڵیا رۆما تۆمار بکات.

دیبالا

گۆڵی ژمارە 100 لە کاروانی وەرزشی تۆمارکرد

یاریزانی ئەرژەنتینی پاولۆ دیبالا هێرشبەری یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی توانی ژمارەیەکی نایاب لەیاریی رابردووی یانەکەی بەرامبەر یانەی ئۆدینیزی لەگەڕی 28ی خولی ئیتاڵیا تۆمار بکات. لەو یارییەدا دیبالا هەردوو گۆڵی یانەی یۆڤنتۆسی لەخولەکی 20و 49ی یارییەکە تۆمارکرد، بەمەش کۆی گۆڵەکانی لەکاروانی وەرزشی بۆ 100گۆڵ بەرز بۆوە. کە بەمشێوەیە دابەشکراون:

– لەگەڵ یانەی ئانیستۆتۆ 17 گۆڵ، لەگەڵ یانەی پالێرمۆ 21 گۆڵ، لەگەڵ یانەی یۆڤنتۆس 62 گۆڵ.

ئۆزێل ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات



ئەستێرەی ئەڵمانی مەسعود ئۆزێل یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی بووە خاوەنی ژمارەیەکی تازەی پێوانەیی دوای ئەوەی گۆڵی پێشکەتنی بۆ یانەی گانەرز دروستکرد، لەو یارییەی لەگەڕەی 30ی خولی ئینگلیزی لەسەر یاریگای ئیمارات لە لەندەن بەڕێوەچوو. بەمەش ئۆزێل بووە خێراترین یاریزان لەخولی ئینگلیزی بتوانێت 50 گۆڵ دروست بکات، لەمیانی 141یاریدا، بەمەش توانی ژمارەی ئەستێرەی پێشوو ئێریک کانتۆنای خاوەن 50 تۆپی یەکلاکەرەوە لەکۆی 143یاری تێپەڕ بکات، مەسعود ئۆزێل لەو یارییەدا توانی گۆڵێک بۆ شکوردان موستافی هاوڵاتییەکەی لەتیپی ئارسناڵ دروست بکات، لەو یارییەی یانەی تۆپچییەکان بە 4 گۆڵی خاوێن سەرکەوتنیان تۆمارکرد.

گریزمان ژمارەیەکی نایابی تۆمارکرد

ئەستێرەی فەرەنسی ئەنتوان گریزمان هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی لەئاستە بەرزەکەی لەگەڵ یانەی ڕۆخێ بلانکۆس لەمیانی ڕکابەرییەکانی ئەم وەرزەی خولی ئیسپانیا بەردەوامە. گریزمان توانی لەیاری رابردوو تیپەکەیان بەرامبەر سێلتا فیگۆ لەگەڕی 27دا گۆڵێک دروست بکات و گۆڵێکیش تۆمار بکات، لەو یارییەی کە بە 3 گۆڵی خاوێن سەرکەوتنیان تۆمارکرد. ماڵپەڕی سکواکای ئامار دەڵێت: گریزمان لەم وەرزە ڕاستەوخۆ لەدوایین 11یاریدا بەشداری 10 گۆڵی کردووە لەخولی ئیسپانیا. کە 8 گۆڵی تۆمارکردووەو 2 گۆڵیشی دروستکردووە.

پیتەر چیک ریکۆردێک تۆمار دەکات

گۆڵپارێزی بەتوانا پیتەرچیک لەیانەی ئارسناڵ ژمارەیەکی نایابی تۆمارکرد، دوای ئەوەی توانی رابەرایەتی یانەی تۆپچییەکان بکات بۆ سەرکەوتن بەسەر یانەی واتفۆرد بە 3 گۆڵی بێ وەڵام، لەگەڕی 30ی خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی، چیک لەو یارییەدا تۆڕەکەی بەخاوێنی ڕاگرت، بەهۆی ئەو پەرچەکردارە بەهێزانەی لەم یارییەدا بەرامبەر ڕکابەرانی هەیبوو، دیارترینیان گێڕانەوەی لێدانێکی سزا بوو کە لەلایەن یاریزان ترۆی دینی لەخولەکی 62 جێبەجێکرا، بەمەش توانی یەکەمین لێدانی سزای لەگەڵ یانەی ئارسناڵ دوای 16 هەوڵی شکست خواردوو بگێڕێتەوە. پیتەرچیک بەمە بووە یەکەمین گۆڵپارێز لەمێژوویی پریمەرلیگ لە 200 یاری تۆڕەکەی بەخاوێنی بهێڵێتەوە.